# باروخ ئیسپینۆزا

**ن. رامین جهانبگلو**
**و. له فارسییەوە: عەتا جەماڵی**

بۆ ناسینی ئیسپینۆزا پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەویش هەر وەک کانت و هیگڵ، بیرمەندێکی نەزم ئەندیش و سیستەمسازە. بە گوتەیەکی تر، فەلسەفەی سیاسیی ئەو پەیوەستە بە تیۆریی ئەخلاقەکەیەوە و ئەو دوانەی لەسەر بنەمای چەمکی گەوهەری مرۆڤ کە لەسەر روانگە مێتافیزیکییەکەکانی وەستاوە، دامەزراندووە. بەر لەوەی بچینە سەر روانگە سیاسییەکانی ئیسپینۆزا، پێوەستە سەرنجێکی گشتی بخەینە سەر روانگە مێتافیزیکییەکانی ئەو.
لە مێژووی فەلسەفەی مۆدێرنی خۆراوادا، ئیسپینۆزا زیاتر بە ئاوەزباوەڕێکی دیکارتی دادەنرێت کە رێچکەیەکی پێچەوانەی فەیلەسووفانی ئەزموونباوەڕی وەک لۆک و دێڤید هیووم و تەنانەت هۆبزی هەیە. هەڵبەت کۆمەڵێک بەڵگە لەسەر ئەو جیاوازییە هەیە، هەرچەندە کە ئیسپینۆزا بە تەواوی دژی رێچکەی ئەزموونی نەوەستاوەتەوە. چونکە ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەزموونباوەڕەکاندا هاودەنگە کە دەڵێن: ***رەگی مەعرەفە لە هەستدایە***. بەڵام دژایەتییەکەی لەگەڵ ئەزموونباوەڕەکان لێرەدایە کە دەڵێ تێگەیشتنی هەستەکی ناتوانێ ببێتە پێوەری حەقیقەت. لە هەمان کاتیشدا قەبووڵکردنی ئەوەش سەختە کە ئیسپینۆزا وەک ئاوەزباوەرێکی تەواو دیکارتی سەیر بکرێت. چونکە ئەگەر تەنانەت لەژێر کاریگەریی دیکارتیشدا بێت، لە زۆر بابەتدا لێی دوور دەکەوێتەوە، بەتایبەت کە لەژێر کاریگەریی نووسەرە یەهوودی و ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەراستیشدا بووە.

ئیسپینۆزا، لەم خاڵەدا هاودەنگی ئاوەزباوەڕەکانە کە تێگەیشتنی هەستەکی، مرۆڤ بەلارێدا دەبات و مەعریفەی پێویست تەنیا لەڕێگەی ئاوەزەوە بەدەست دێت. بەڵام لەحاڵێکدا کە ئەندێشەی دیکارت زیاتر لە لۆژیک و زانستەکاندا خەست بووە، ئیسپینۆزا، لە بناغەوە رووی لە ئەخلاق و مەزهەبە. سەرەڕای ئەمانەش، ئیسپینۆزا بە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی میتۆدی ***ئەندازەیی***(هیندسی) دیکارت لە فەلسەفەی خۆیدا وەک باشترین میتۆدی پەیوەندی لەگەڵ واقعییەت، پەیڕەوی دیکارتە. لەبەرچی؟ چونکە ئیسپینۆزا دەیەوێ هەر بەو روونی و شەفافییەتەی کە

خۆی دەیبینێت، حەقیقەت بە دیترانیش نیشان بدات، وەک ئەوەی شتێکی ئاشکرا نیشان بدات.

بەم شێوەیە، حەقیقەتی هزرەکان لە روانگەی ئیسپینۆزاوە، نەک تەنیا پەیوەستە بە روونی و ئاشکرابوونیانەوە (دیکارتیش زۆر جار لەسەر ئەو رایە بوو)، بەڵکوو پەیوەستە بە هێزی دەروونیی ئەوانیشەوە. کەواتە ئەگەر هزرێک بەهێز نەبێت، لە حەقیقەتەوە نزیک نییە. بەڵام هزری حەقیقی خۆی پێویستە ئاشکراش بێت. مەبەست، هزرێکە کە بەهۆی خۆیەوە حەقیقەتە. لێرەدا ئیسپینۆزا پرسیارێک دەخاتە بەر دەست: کام هزر بە هۆی خۆیەوە هەڵگری حەقیقەتە و کامە هزرە کە گەوهەری وجوودی راستەقینەی خۆیەتی؟ ولامەکەی ئەوەیە: هزری زات یان هزری یەزدانی. واتا هزرێکی حەقیقی کە وجوودەکەی بێسنوور و بێکۆتایە و گشتی و هەمەکی بوونەکەی لەرێگەی لەلووتکەدابوونەکەیەوە دیارە.

بەڵام ئەگەر یەزدان یان زاتی کامڵ، خود ئاشکرا و هەمەگیر بێت، کەواتە بوونی هیچکەس ناکەوێتە دەرەوەی زاتی ئەوەوە. لەم رووەوە، ئیسپینۆزا، یەزدان یان زات و سروشت بە یەک شت دەزانیت. بە گوتەیەکی تر، زات، یەزدان یان سروشت، جیهانی هەمەکیی هەموو شتەکانە. ئەو، ئەو هەمەکە بە یەزدان دەزانێت. بەم شێوەیە، ئەو بەپێچەوانەی یەهوودییەت و مەسیحییەتی سوننەتی، یەزدان و جیهان بە دوو بوونی جودا نابینێت، ئەوانە یەک شتن ئەگینا یەزدان، بەهۆی بوونی جیاوازی جیهانەوە، سنووردار دەبێت و ناتوانێ بێکۆتا بێت.

ئێستا کە یەزدان یان زات، بەشێوەی رەها، بێسنوور و ناکۆتایە، کەواتە دەبێ هەڵگری سیفەتی بێسنووری و ناکۆتاییش بێت. هەندێ رێسەی ناکۆتای رەهەندەکانی سەرچاوەی دەسەڵاتی نەمری یەزدانی، بەرێوەیە. بەشێک لەو رەهەندانە ناکۆتا و هەندێکیشیان سنووردارن. رەهەندە بێکەنارەکان لە دەرەنجامە بێپسانەوەکانی گەوهەری یەزدانین و واقعییەتێکی بێسنووریان هەیە، رەهەندە سنووردارەکانیش هەر لە زاتی یەزدانەوەن، بەڵام ئەوانە بەردەوام لەحاڵی تۆند بوونەوە و شلبوونەوەی بەدی و نابەدیدان و بەم پێیە هەڵگری گۆڕانن. ئەنجام ئەوەیە کە، لە زەینی یەزداندا، هەرکام لەو رەهەندانە لە قاڵبی سیفەتگەلی بێکەناری ناکۆتادا نەخش هەڵدەگرن. لێرەدا، ئیسپینۆزا، ئەوە لەگەڵ زەینی مرۆڤێک هەڵدەسەنگێنێ و دەگاتە ئەو ئەنجامە کە زەینی مرۆڤەکان تەنیا دوو سیفەتیان هەیە: یەکیان رەهەند و ئەویتر هزر.

لەو رووەوە کە جەستەی ئێمە یەک لە لایەنەکانی رەهەندە، زەینی ئێمە بەرهەمی هزرەکانی جەستەمانە. بە گوتەیەکی تر، بوونەوەری مرۆیی، لە راستیدا دوانەیەکە لە یەک پەیکەر و جەستەدا. ئەو جەستەیە و لە هەمان کاتدا زەینیشە. لە حاڵەتی جەستەبووندا، بوونەوەری مرۆیی بەشێکە لە جیهانی رەهەندەکان و لەم رووەوە، لەرێگەی هەستەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی جەستەکانی ترەوە.

کەواتە جەستەی مرۆیی لەنێوان سۆزە ناسازگارەکاندا گرفتارە کە هانی دەدەن خۆشەویستی بکات یان نەفرەتی هەبێت. بە پێی بۆچوونی ئیسپینۆزا، گرفتاری سۆزەکانیانن و پەیوەندیی باوی نێوانیان، لەجۆری نەفرەت و شەڕە. بەو شێوەیەی کە لە کتێبی سێهەمی "ئەخلاق"ی خۆیدا دەڵێ: ***" مرۆڤ زۆربەی کاتەکان بە راپسکانی وجوودەکانەوە گرفتارن و وەک شەپۆلەکانی دەریا، لەبەر سیلەی - با- وێڵ و تۆفەندەکاندان و بێئاگان لە ئاکام و چارەنووسی دوایی خۆیان".***

بەڵام لە روانگەی ئیسپینۆزادا، مرۆڤ دەتوانن خۆیان لەم بەندانە رزگار بکەن، چونکە ئەوان خاوەنی هێزی ئەندێشەن. بەپێی بۆچوونی ئیسپینۆزا، مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە خاوەنی هێزی ئەندێشەیە، لەراستیدا خۆی زەینێکی ئەقڵانییە. ئەو، زەینی ئەقڵانی بە سەرچاوەی بیرۆکە کامڵ و کارامەکان دەزانێت. بیرۆکە کامڵەکان، ئەو بیرۆکانەن کە ئێمە تیایاندا گەیشتووینەتە لووتکە، هەروەک لە یەزدانیشدا وایە.

بەڵام ئەگەر بیرۆکە کامڵەکان بوونیان هەیە، کەواتە دەبێ بیرۆکەی ناکامڵیش لە زەینی مرۆڤدا هەبن. بیرۆکە ناکامڵەکان، ئەو بیرۆکانەن کە حاڵەتی خەیاڵییان هەیە. کەواتە بەسەرهاتەکە بەم شێوەیەیە کە مرۆڤ، بەهێزی ئاوەز، هەوڵ دەدات بیچم بەو بیرۆکە ناکاملانە بدات کە هەیەتی لە کارەکاندا و پەیوەندیی نێوان بیرۆکە کامڵ و ناکامڵەکان لاواز بکات. ئەوکات کە پەیوەندیی ئەم دوو بیرۆکەیە لاواز بێت، راکیش و هێزی سۆزەکان، کە هۆکاری سەرەکیی ناسازگارین، لاواز دەبێت. لەم حاڵەتەدا، مرۆڤەکان دەتوانن بەهەوڵی خۆیان هەڵەکانی خۆیان پاکژ بکەنەوە و ئاستی مەعریفییەکەیان لە ئاستی تێگەیشتنی هەستەکی، بەرزتر بکەنەوە بیبەنە ئاستێکی بالاتر. هەروەها ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە دەتوانین هۆشیار بین بە نسبەت بیرۆکەکانی خۆمان و تاقییان بکەینەوە. بەبۆچوونی ئیسپینۆزا، مرۆڤێک کە هۆشیارە بە ئەندێشەکانی خۆی مرۆڤێکە کە لە بەرواوەرد لەگەڵ زەروورەتی بیرۆکە کامڵەکاندا، لە خۆی و کردارەکانی بەئاگایە.

کەواتە ئەم کردارانە، ئازادانە بیریان لێکراوەتەوە، چونکە سەربەستن. خاوەنی سەربەستین چونکە لەلایەن ئاوەزەوە دیاری دەکرێن. لە کرداری لەو چەشنەدا، ئیرادەی مرۆڤ، ئیرادەیەکی ئازادە، چونکە لەراستیدا، زەین و ئیرادە یەک شتن.

ئیسپینۆزا لەسەر ئەم بنەمایە، سیستەمی ئەخلاقییەکەی خۆی گەڵاڵە دەکات کە هەم سەقامگیرە و هەم لەلایەنی ئەخلاقییەوە رەزابەخش، چونکە دەگەڕێ بەشوێن رێگەیەکدا بۆ هاودەنگی کۆمەڵایەتی و رێنوێنیی کۆمەڵگا. بەواتایەکی تر، بەبۆچوونی ئیسپیینۆزا بنەمای ئاوەزیی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە حوکمی ئاوەزی مرۆیی ئەوەیە کە مرۆڤەکان پێویستییان بە ئاشتی، سازگاری و هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەم پێیە، هەرکەس لەو ئەقڵانییەتە تێگەیشتبێت کە وابەستەیە بە

دیتران و دیترانیش بەو وابەستەن، هیچکەس ناتوانێ لە گۆشەگیریی تەواودا بژی، تەنانەت ئەگەر نەفرەت و بەرچاوتەنگیش بگاتە ئاستێک کە هەموو مرۆڤەکان ناچار بە لێکدابڕان بکات.

ئێستاش ئەگەر بچینە ناو حەوزەی سیاسییەوە یەکەم راستییەک کە تووشی دێین ئەمەیە کە: مرۆڤەکان زیاتر بەهۆی حەزە کوێرکوێرانەکانەوە رێ دەگرنەبەر هەتا ئاوەز. بەڵام ئەگەر مرۆڤەکان بیانەوێ پێکەوە بژین، دەبێ لە هێزی ئەم راستیە کەم بکرێتەوە. بەم پێیە ئیسپینۆزا هەوڵ دەدا وەک هۆبز و لۆک چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە. ئەویش وەک هۆبز تەوەری سیاسیی خۆی لە چەمکی دۆخی سروشتییەوە دەستپێدەکات و چەمکەکانی یاسای سروشتی و مافی سروشتی دێنێتە نا سیستەمی مێتافیزیکیی خۆیەوە. ئەگەرچی هۆبز، مافە سروشتییەکان و سۆزە سروشتییەکان لێک جیا دەکاتەوە لەو رایەدایە کە ئەو دوو هۆکارە دەوری گرینگیان هەیە لە گۆڕینی دۆخی سروشتی بۆ دۆخێکی جەنگی، بەڵام روانینی ئیسپینۆزا بۆ دۆخی سروشتی ئەوەیە کە ئەم دۆخە بەرهەمی سۆزە سروشتییەکانە. ئەوەی ئیسپینۆزا دەیڵێ ئەوەیە کە: " ***مرۆڤ لە زاتی خۆیاندا دوژمنی یەکترین"***. چونکە ئەوان لە ژێر کاریگەریی هەندێ سۆزی وەک نەفرەت، بەرچاوتەنگی و تووڕەییدان. بەڵام مرۆڤ لەرووی گەوهەرییەوە، ئاوەزیشن و ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لەژێر رێبەرایەتیی ئاوەزدا بووایەن، هەمووکەس دەیتوانی داوای مافە سروشتییەکانی بکات. بەم پێیە بەپێی بۆچوونی ئیسپینۆزا، مافە سروشتییەکان لەراستیدا هەمان دەسەڵاتە سروشتییەکانن، چونکە هەرکارێک کە مرۆڤ بە سروشتی دەتوانێ ئەنجامی بدات، لەراستیدا مافی سروشتیی بەسەریەوە هەیە. بەم شێوەیە دەبینین کە تیۆرییەکانی هۆبز و ئیسپینۆزا، بە سەرنجدان بە پێناسەکانی دۆخی سروشتی، تەواو هاوشێوەی یەکن. هۆبز ئاماژە بەوە دەکات کە لە دۆخی سروشتیدا کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بوونی نییە، تاک مافی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی هەیە کە لە توانایدایە ئەنجامیان بدات. هۆبز دەڵێ کە لە کۆمەڵگای سیاسیدا، تاک مافی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی نییە کە لە توانایدایە ئەنجامیان بدات، چونکە ئەوە مافی حاکمە. ئیسپینۆزاش دەڵێ کە لە کۆمەڵگای سیاسیدا تاک مافی ئەوەی نییە کە هەرکارێک کە دەیتوانێ و دەیخوازێ ئەنجام بدات. بەڵام ئەو بەپێچەوانەی هۆبز خەسارێک لە دەرەنجامی ئەو مافە سروشتییانەوە کە لەپاش هاتنە ناوەوەی تاکێک بۆ ناو کۆمەڵگا دەردەکەون، نابینێت.

لەکۆمەڵگای مەدەنیدا ئەگەرچی تاک مافی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی هەبێت کە دەتوانێ ئەنجامیان بدات بەڵام دەوڵەت، سنووری کارەکانمان بەگوێدا دەدات. بەم پێیە تیۆرییەکەی هۆبز هەڵگری سنوورداری و کەمایەسییە لە مافی سروشتیدا. بەڵام تیۆرییەکەی ئیسپینۆزا بەم شێوەیە نییە. چونکە هۆبز چەمکی

مافی سروشتی لە مرۆڤدا بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵام ئیسپینۆزا سروشت و یەزدان بە یەکسان دەزانێت و بەو شێوەیە یاسای سروشتی هەمان یاسای یەزدانییە کە هاوکات یاسای سروشت و گەوهەری مرۆڤە و چونکە ئەمە یاسای مرۆڤێکە کە بە شوێن مەبەستی خۆیەوەیەتی، کەواتە مرۆڤایەتی خاوەنی مافی سروشتییە.

لێرەدا ئیسپینۆزا دەڵێ کە بەحوکمی ئاوەز، کۆمەڵگا هەرچەند یەکانگیرتر بێت، ئەندامەکانی زیاتر لە ئاشتی و هەماهەنگیدا دەژین. بەگوتەیەکی تر ئەوان ناچارن تواناییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی مافی هاوکاریدا، یەکانە و یەکانگیر بکەن. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئیسپینۆزا بە ***"حاکمییەت"*** ناودێری دەکات، حاکمییەت، دەسەڵاتی گشتی یان مافی هاوکاری و هاوبەشی لە ئەرکەکاندایە. تەنیا بە کەڵکاوەژۆی حاکمییەت لە مافە کە ماف و نەماف و داد و بێدادی دێنە ئاراوە. چونکە یاسای دەوڵەت بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاساکانی ئاوەز بەدی دێت. کەواتە هەمووکەس لەسەریەتی پەیڕەوی لە یاسا بکات، چونکە ئەمە تەنیا ڕێگەی پاراستنی دسیپلینی کۆمەڵایەتییە. بەڵام بەبۆچوونی هۆبز،ماف هەڵگری گواستنەوە و پێسپاردنە و پێسپاردنی ماف یەکسانە لەگەڵ درکاندنی ئیرادەیەک بۆ جێهێشتنی ماف.

وشەی پێسپاردن و گواستنەوە لە هزری ئیسپینۆزادا، لەراستیدا یەکسان و بەمانای پەیڕەوی لە دەسەڵاتێکی ترە. بەڵام پێسپاردن لەواقعدا روونادات، چونکە شتێک تەرک ناکرێت. لەلای هۆبز لەگەڵ ئەوەی تاکێک سەربەستییەکەی خۆی گواستەوە بۆ ناو دەسەڵاتێک، ئیتر ئەو سەربەستییە نامێنێت و دەبێتە فرەییەکی بێکۆنترۆڵ و بێلغاو.

بەڵام ئیسپینۆزا راست بەپێچەوانەی ئەوە بیر دەکاتەوە. ئەو دەڵێ: مەبەست ئەوە نییە کە تاک هاوکات کە مافەکەی خۆی سپاردە دەست حاکمییەت، ئەو مافە بە تەواوی لەناو دەچێ، بەڵکوو بە بۆچوونی ئەو، مرۆڤەکان هیچکات ناتوانن واز لە مافەکانی خۆیان بهێنن، ئەگینا لە مرۆڤ بوون دەردەچن. بەم پێیە ئیسپینۆزا، بەگریمانەگرتنی دەست تێوەرنەدران لە مافە سروشتییەکاندا، هەموو ئەو دەروەستییانەی کە لەسەر بنەمای خودبەرژەوەندیی دانەمەزراون، بەنابەجێ دەزانێ و پشت گوێیان دەخات. هەر لەم رووەوە و لە فەلسەفەی سیاسیی ئیسپینۆزادا جێگەیەک بۆ ستەمکاریی دەسەڵاتداران لەئارادا نییە. بەم مانایە کە دەسەڵاتی حاکمییەت ناتوانێ بخرێتە بەر کەڵکاوەژۆ و ئەگەر وابێت، بە خودخاپووری کۆتایی دێت. کەواتا ئیسپینۆزا بە ئاشکرا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەسەڵاتی حاکمییەت لە ناو خەڵکدا کەڵەکە بووە. ئەو کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە بە ***"گەلی ئازاد***" ناودێر دەکات کە لەسەر بنەمای کرداری هاوبەشی ئەوان، دەسەڵات لە دەستی کەسەکاندا کۆدەبێتەوە و دەست دەکەن بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی سیاسی. مۆدێلەکەشی دەتوانێ پاشایەتی بێت یان فیدراتیڤێکی گشتیی پێکهاتوو لە

خەڵک بێت، بەڵام دەسەڵاتی حاکمییەت لەناو خەڵکدایە. بەم پێیە یاساکان تەنیا لە بازنەی خواست و بەرژەوەندیی یاسادانەرەکاندا دانارێژرێن بەڵکوو ئەرکێکە لەئاست پەیکەرەی گشتیدا. لەو ئاراستەیەدا خەڵک لە جەرگەی پەیڕەوی لە یاسادا، لەڕاستیدا پەیرەوی لە ئیرادەی خۆیان دەکەن. ئەمە، ئەندێشەی دەوڵەتە لە فەلسەفەی ئیسپینۆزادا کە لە کتێبی ***(نامەی یەزدانی- سیاسی، بەندی 16)***ی ئەودا هاتووە. تیۆرییەکانی ئیسپینۆزا بە نسبەت سەردەمی رێنێسانسەوە زۆر پێشکەوتوون. چونکە تیۆریی حاکمییەت بە شێوەیەک گەڵاڵە دەکات کە لەوێدا، حاکمییەت لەپاڵ ئەوەدا کە خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە، هاوکات ئاخێزگەیەکی تەواو خەڵکیشی هەیە.

بەم چەشنە ئەندێشەی ئیسپینۆزا نزیکە بە بیرمەندانێکی وەک رۆسۆ و بیرمەنە سیاسییەکانی سەدەی هەژدەهەم کە هەوڵ دەدەن دوو تیۆریی دژی هۆبز سەبارەت بە حاکمییەتی رەها لەلایەکەوە و تیۆریی حکوومەتی سنووورداری جۆن لۆک لەلایەکی ترەوە پێکەوە ئاشت بکاتەوە. ئیسپینۆزا دژی ئیستبداد و دەسەڵاتی رەهای تەکە کەسیکە، بەڵام، هەروەک گوترا، بەبۆچوونی ئەو حاکمییەت، رەهایە چونکە نوێنەری هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە. لەم رووەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای هەیە، چونکە سەرچاوەی یاساکانە. هەر بەم شێوەیە، مافی سزادانی سەرپێچکارانی یاسا و هەروەها هاودەنگ کردنی هێزی سەربازی و میلیشیای هەیە بۆ بەرگریکردن لە پەیمانی کۆمەڵایەتی. هەروەها یاسا سروشتییەکانن کە ئەوە دیاریدەکەن چ شتێک باشە بۆهەموان و چ شتێک نەباش. پێدەچێ ئیسپینۆزا بەتەمای پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئارمانی و یۆتۆپیایی نەبێت. ئەو لەهەوڵی ئەوەدایە کە بڵێ ئازادیی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی شیاو لەپێگەی حاکمییەتدا ئەگەری بوونی زیاترە. بەو مەرجەی ئەو حاکمییەتە نوێنەری هەموو خەڵک بێت و بەرێکوپێکی گوێ لە داخوازییەکانیان بگرێت و بەشێوەیەک کار بکات کە ببێتە هۆی وەفاداری و هەستی وەئەستۆگرتنی ئەرکەکان لەلایەن شارۆمەندەکانیەوە و هێزی پێویستی هەبێت بۆ دوور راگرتنی دوژمنە دەرەکییەکانی کۆمەڵگا. کەواتە، ئازادیی سیاسی بەبۆچوونی ئیسپینۆزا، لەراستیدا بریتییە لە مافی چارەی خۆ نووسین بۆ نەتەوەیەک، ئەویش لەرێگەی خواست و ئیرادەی ئازادی شارۆمەندانەوە بۆ هاوکاری. لە دەوڵەتێکی شیاو و بەتوانادا، تاک دەتوانێ بگاتە دۆخێک کە لەوێدا دەرفەتی ژیانی ئاوەزمەندانە لەئارادا هەیە. ئەو بۆچوونانە، سەرێتیی ***"دیموکراسی"*** وەک باشترین و بەردەوامترین مۆدێلی دەوڵەتی لای ئیسپینۆزا دەردەخات. ئەگەرچی ئیسپینۆزا لایەنگری دیموکراسییە، بەڵام هەواداری رەهای دیموکراسی نییە. لەروانگەی ئەودا، ئەگەر هەلومەرجێک بێتە پێشەوە، کە دیموکراسی تیایدا لاواز و ناکارەمە دەرکەوێت، پێویستە بەشوێن ئاڵتێرناتیڤێکەوە بین. چونکە نابێ بیرمان بچێ کە سەرنجی سەرەکیی ئیسپینۆزا

لەسەر دابینکردنی ئاسایش و دسیپلینە. بەم حاڵەوە، بەبۆچوونی ئەو دیموکراسی سروشتیترین مۆدێلی حاکمییەتە، چونکە ئامانجی سەرەکی و سەرەتایی ئەو، ژیانی هاوکات لەگەڵ ئاشتی و هەماهەنگییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی ***"دیموکراسی"***ی ئیسپینۆزا رەخنەش هەڵدەگرێت. گرینگترینیان، ئەوەیە کە ئیسپینۆزا لەگەڵ دیموکراسی بۆ هەموو تاکەکان نییە. ئەو هەندێ لە توێژەکانی خەڵک وەک ژنان، منداڵان، خزمەتکاران، خراپکاران و بیانییەکان و کەسانێ کە لە چوارچێوەی ژیانی رووسوورانەدا نین، لە مافی بەشداری دەسڕێتەوە. ئەو پرەنسیپەی کە ئیسپینۆزا لەسەر بنەمای ئەو بڕیار دەردەکات کە چ کەسانێک دەتوانن بەشدار بن چ کەسانێک مافی ئەوەیان نییە، بە پرەنسیپی Sui Juris ناودێر دەکرێ. بۆ ئەوەی کەسێک ***"مافی بەشداریی"*** هەبێت، نابێ کەوتبێتە بازنەی دسەڵاتی ئەویترەوە. بەم پێیە کەسانێک کە خۆژیێن نین، ئیرادەیان لە بازنەی ئیرادەی دیتراندایە. سەرەنجام لە پەیوەندی لەگەڵ ژناندا وا هەست دەکرێ کە ئیسپینۆزا، ئەوان بە ملکەچی سروشتیی مێردەکانیان دادەنێت.

بەهەرحاڵ، ئەنجام ئەوەیە کە ئیسپینۆزا تەنانەت ئەگەر سیستەمی دیموکراسی بە باشترین دەزانێ، هەوڵ دەدات کە باشترین مۆدێلی دەوڵەتیشی بۆ ئامادە بکات. ئەو هەوڵ دەدات ئەندێشەکانی خۆی بە تەواوی پراکتیزە بکات و خۆ لە ئارمانگەرایی و یۆتۆپیا دوور بکاتەوە.

گرینگترین شت لای ئەو، جێکەوتنی ئەو راستییەیە کە حاکمییەت لە خەڵکەوە دەردەکەوی و خەڵک و حاکمییەت هەردووکیان پەیڕەوی یاسای ئاوەز بن. لەم خاڵەدا، فەلسەفەی سیاسیی ئیسپینۆزا، دەکرێ لەگەڵ روانگەی ژان ژاک رۆسۆ بە هاوشێوە سەیر بکرێت، بەتایبەت لەوێدا کە ئیسپینۆزا دەڵێ: ***تەنیا کاتێک دەسەڵاتی حاکم رەها دەبێ کە هی هەموو خەڵک بێت"***، گوتەکەی رۆسۆمان وەبیر دێنێتەوە کە دەیگوت: ***حاکمییەت تەنیا لەگەڵ چەمکی ئیرادەی گشتیدا یەکسانە."*** بەڵام چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتیی رۆسۆ، تەواو ئازادانە و دڵخوازانەیە، لەحاڵێکدا کە پەیمانی کۆمەڵایەتیی ئیسپینۆزا، تەنیا کاتێک دڵخوازانەیە کە کرداری تاکەکان، بەرهەمی جۆرێک رەزایەت بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مەبەستی رۆسۆ، پێکهاتنی سیستەمێکی حکوومەتیی لەرووی ئەخلاقییەوە مەشرووعە. لەحاڵێکدا کە، کاتێ ئیسپینۆزا باس لە خێرە گشتییەکان دەکات، مەبەستی، بیچمگرتنی رێکخراوێکە کە ئاشتی و ئاسایش دەستەبەر دەکات و لەم ناوەندەدا ناگەڕێت بەشوێن پرەنسیپێکی ئەخلاقیدا.